تیشکێک لەسەر تاوانەکانی هاندان بۆ ئەنجام دانی کاری بەدڕەوشتی

مافناس
ئازاد ئەکرەم مەجید

گەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) کە ساڵی (١٩٦٩) ی پەیڕەوکراوو، بابەتە یاساییەکانی بخوێنینەوە بەووردی دەبینین لەم بابەتە یاساییانە هەندێ کەمو کوڕی تیا بەدی دەکرێن، هەر ئەم کەموکوڕیانەش بوونەتە هۆی دروستبوونی ناهەقیەك دەرهەق بەتاکەکانی کۆمەڵ، بۆ نمونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بابەتی یاسایی ماددەی ژمارە (٣٩٩)ی ئەم یاسایەوە، سەرنجی بدەین دەبینین ئەم بابەتە ئامانجێکی لێ بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە مافی گروپێك لەگروپەکان کۆمەڵ دەپارێزێت وە سەربەستی کەسێتی ئەم گروپە بەدور دەگرێت لەهەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەریان، وە ئەم چینە بریتیە لەناکامەکان، واتا ئەو کەسانەی کە تەمەنیان هەژدە ساڵی تەواو نەبێت، نێر بن یاخود مێ، چونکە یاسادانەری عێراقی لەم بابەتە یاساییە سزای (حبس)ی داناوە بۆ هەر کەسێك کە هەڵدەستێت بەهاندانی ناکامێك بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی، وە یاسادانەری عێراقی بەم رادەیە نەوەستا، بەڵکو هەستاوە بەتوندکردنی ئەم سزایە لەحاڵەتێك ئەگەر کەسی هاندەر (تاوانبار) مامی ناکامەکە بێت یاخود خاڵی بێت یان کەسی هاندەر دەستەڵاتێکی یاسایی هەبووبێت بەسەر ئەو ناکامەوە بەحوکمی ئەو دەستەڵاتە ئەو ناکامەی هانداوە بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی وەك

باوك یاخود وەصی، یاخود ئەگەر هاتوو هاندەر خزمەتکار بێت لەماڵی ناکامەکە وە هەستاوە بەهاندانی ئەم ناکامە بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی.

بەڵام ئەوەی جێ سەرنجە لەم بابەتە یاساییە (٣٩٩) بۆتە هۆی گرنگی پێدانمانە بەم بابەتە یاساییە ئەوەیە کە ئەم بابەتە یاساییە باسی هەندێ حاڵەتی نەکردووە کەوا باشتر بوو باس بکرایە وە چارەسەری گونجاوی بۆ دابنرایە، لەو حاڵەتانەش حاڵەتی هاندانی مێرد بۆ هاوسەرەکەی (ژنەکەی) بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی ئەگەر هاتوو هاوسەرەکەی تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو بێت، چونکە زۆرجار روو دەدات کە هەندێ لەمێردەکان ئیستیغلالی پەیوەندی هاوسەرێتی دەکەن بەمەبەستی دەستکەوتێکی تایبەتی خۆیان وە هەڵدەستن بەهاندانی هاوسەرەکانیان بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی.

وە حاڵەتێکی تر لەو حاڵەتانەی کە باس نەکراون لەم بابەتە یاساییە، وە چارەسەری بۆ دانەنراوە حاڵەتی هاندانی باوکان یاخود دایکان بۆ کوڕوکچەکانیان کە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواون بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی وە ئەم باوکو دایکانە ئیستیغلالی دەستەڵاتی خۆیان کردووە وەك باوکو دایك بۆ هاندانی کوڕو کچەکانیان.

وە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە راستە ئەم بابەتە یاساییە واتا (٣٩٩) ی.س.ع چەند حاڵەتێکی چارەسەرکردووە کە جێی پێزانینە، بەڵام چارەسەرنەکردنی ئەو دوو حاڵەتەی تر واتا حاڵەتی هاندانی مێرد بۆ هاوسەرەکەی بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی وە هەروەها هاندانی باوکو دایك بۆ کوڕو کچەکانیان ئەگەر تەمەنیان هەژدە ساڵی تەواو بێت بەبیروبۆچوونی ئێمە بەکەموکوڕییەك ئەژمار دەکرێت، بۆیە لەپێناوی پاراستنی مافی سەربەستی یاخود ئازادی تاکە کەس لەهەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەری، هەروەها بۆ پاراستنی تەبایی نێوان ئەندامانی خێزانی دەبوایە یاسادانەری عێراقی چارەسەری ئەم دوو حاڵەتەشی بکردایە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە نەبنە ئامێرێك بەدەست هەندێ کەسانی نەفس نزمەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت، لەبابەتە یاساییەکان وە بتوانین کۆمەڵگایەکی یاسایی دروست کەین کە تیایدا مافی تاکە کەسەکان بپارێزرێت.

سوڵحی عەشایری

هەردی شەفیق

من لەگەڵ ئەوەدا نیم سوڵحی عەشایەری لە هەموو کاتێکدا خراپ بێت، بە تایبەت ئەگەر لایەنی ویژدانی و مرۆیی تێدا رەچاو بکرێت. سوڵحی عەشایەری خۆی بۆ خۆی دەستو پێ سپی بونی دەسەڵاتی یاسا دێتە ئاراوە، لە چارەسەر کردنی کێشەکاندا.

لە زۆر کاتدا ئەم جۆرە ئاشتەواییە کە بە (سوڵحی عەشایەری) ناو دەبرێت سودو بەرژەوەندی کۆمەڵگای تێدا بووە، لە گەڵ ئەوەش دا زۆربەی کات ئەگەر چی لە ڕێگا ئەم جۆرە عاداتو رێسایانەوە کە لە ناوچە دورە دەستو عەشایەرەکانەوە تا شارەکانیش پەیرەو دەکرێت، بە زیانی قوربانیەکەو کۆمەلگا دوایی هاتوە. کاتێك کەسێك کوژراوە کەسوکاری لە بەرانبەردا بە بڕێك پارەی زۆر لێی خۆشبون، یان بە پارەو ژن لێی خۆشبون، کە ئەمەش رێخۆشکەرە بۆ دووبارە بونەوەی کوشتو کوشتارو تێداچونی مافی قوربانیەکە، ئەگەر بێگوناهیش بو بێت، رەنگە کەسەکانی دەوروبەریشی ئەوانەی دەبنە کێخاو دەم سپی لە وانەیە لەگەڵ قوربانیەکەدا

دانویان پێکەوە نەکوڵابێیت، ئەمەش وادەکات لە بەرژەوەندی بنەماڵەی پیاوکوژو قوربانیەکە کۆتایی بێتو تاوانباریش وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێتو دوریش نیە بەردەوام بێتەوە لە سەر مرۆڤ کوشتن. یان هەمو ئەو کچانەی لە سەر نامەیەك کوژراونو سوڵح لە گەڵ بنەماڵەی کورەکەدا کراوەو بکوژەکانیش کێشەکەیان دیزە بە دەرخۆنەکردووە، بەپێی یاسای خێڵو عەشیرەت دەستخۆشیان لێکردوەو دەسەڵتایان لە سەروی دەسەڵاتی قانونو یاساوە بووە.

زۆرجار گوێمان لێبووە لە شوێنێکدا شەرێك رووی داوە، خزمو کەسوکاری کابرای شەرکەر هانیان داوە (بیکوژە ماڵی ١٠دینارمان ئەکەوێت) ئەمەش بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هەمو شتێك بە پارە چارەسەر دەکرێتو لێرەوە کوشتنی مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایی.

لەوەش خراپتر لە کاتی ئاشتەوایی دوو بنەماڵەدا ژن قوربانی دەسەلاتی پیاوە، باوکی یان براکەی کەسێکی کوشتوەو بۆ ئاشتبونەوەو لێکتنر نزیك بونەوە بە کچو پارە سوڵحی دەکەن، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا گەرەترین کێشەیە، کابرای باوك کوژراو یان برا کو ژراو بە شێوەیەك بەرخورد لە گەڵ ئەو ژنەدا دەکات وەك ئەوەی ئەو براکەی کوشتبێت، بەمەش نەك هەر ئاشتی نێوان دوو بنەماڵەکە دروست نابێتو ژیانی ئەو ژنو پیاوە دەبێتە دۆزەخ، شیرازەی خێزانێکیش تێکدەشکێتو دەبێتە هۆی دووبارە بوونەوەی خوێنرێژیو هەموو ئەم کارانەش بە دیار چاوی یاساوە دەکرێت.

(توشی کاتسۆمات سوکا) خۆی کوشت

گەر شەرەفو ئابڕو بریتی بێت لە بردنی دارایی میللەت، لەپێناو قەبەکردنی خۆیاندا دەبوایە هەندێک لەسیاسیەکانی کوردستان خۆیان بکوشتایە

رونـــاك

لە ٢٨-٥-٢٠٠٧هەواڵەکان رایانگەیاند کە وەزیری کشتوکاڵی ژاپۆن (توشی کاتسۆمات سوکا) لەماڵەکەی خۆیدا خۆیی کوشتوە، هەواڵەکان هۆکاری خۆکوشتنەکەشی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە بانگ کراوە بەمەبستی لێپرسینەوە لەگەندەڵی دارایی لە گەڵیدا، کە بریتی بوە لە ١-ئەو ئۆفیسەی کە حکومەت دابینی کردوە بۆ کارەکەی ئاوو کارەبای لەسەر حکومەت بوە، بەڵام ئەم پارەکەی وەرگرتوە.

٢-لەگەڵ بازرگانێکی گەندەڵ پەیوەندی هەبوە.

گەر راگوزەرێك بکەین بەمێژویی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ژاپۆنی دا، ئەوا خۆکوشتنی ئەم کەسایەتیە سیاسیە پێشبینی کراوە.

کۆمەڵی ژاپۆنی کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی نەریتیەو پەیوەستیەکی رۆحی بەبەها ئەخلاقیەکانەوە هەیە، شەرەف و ئەخلاق لایان دەست گرتنە بەو بەهایانەوە کە کۆمەڵی ژاپۆنی پێوەی پەیوەستە، شەرەف لای ئەوان مانایی پارێزگاری کردنە لەنیشتمان، خۆپارێزی لەخەسڵەتە زیانمەندەکان، کە خیانەتو پەیوەستنەبون بەپەیمان و نەبونی وەفاو درۆکردن و هتد، هەر ئەم پەیوەستەگیە بەم بەهایانەوە رۆڵی هەبوو لەوەی کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم کە ژاپۆن وێران بوو، بتوانن لەماوەی ١٥تا٢٠ساڵ وڵاتەکەیان بونیاد بنێنەوەو خۆیان بگەیێننە ریزی وڵاتە ئابوری بەهێزەکان و ئەمڕۆ لەبواری ئابوریو پێشکەوتنی تەکنەلۆژی پێشکەون، بۆیە هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە لە هاوڵاتیەکەوە تا بەسیاسیەك دەگات، گەر تاوانبار بکرێت بەلادان لەو بەها ئەخلاقیانە بڕیاری سزادانی خۆی دەدا، یان یاسایەك هەیە لێی بپرسێتەوە.

لێرەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵی کوردی وەك کۆمەڵێکی سونەتیو نەریتی رۆژهەڵاتی، کۆمەڵێك بەهایی ئەخلاقی هەیە پێوەی پەیوەستە، بەڵام ئەم بەهایانە نەیانتوانیوە خەسڵەتە زیانمەندەکان لاواز بکاتو ئەخلاقی دڵسۆزبون بۆ نیشتمان بکاتە کۆڵەکەی سەرەکی ژیان هاوکات، دەسەڵاتی سیاسیش نەك هەوڵی لاوازکردنی ئەوبەها زیان، مەندانەی نەداوە، بەڵکو زەمینەی خۆشکردوە هەندێك لە سیاسیەکان بەئاشکرا خیانەت بەمیللەت بکەن، لەرێگەی بردنی سامانی میللەت وبەکارهێنانی دەسەلات بۆ بەرژەوەندیەکانیان، ئەمە وایکردوە هەندێك دەسەلاتدارانی سیاسی ئێمە نەك تەنها گومان لەگەندەڵیان دەکرێت، بەڵکو بەبەڵگەوە لەگەندەڵیدا نوقم بون و دەسەلاتیان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندیەکانیان، نەیاسایەك هەیە لێیان بپرسێت و نە ویژدانیان ئازاریان دەدات، گەر شەرەفو ئابڕو بریتی بێت لە بردنی دارایی میللەتو بەکارهینانی دەسەلات، لەپێناو قەبەکردنی خۆیاندا دەبوایە زۆر لەسیاسیەکانی کوردستان خۆیان بکوشتایە یان دادگایی بکرانایە.

بەبەراوردێکی کورت دەکرێت بڵێین، ئەوە سیاسیەکانی ئەو وڵاتەیە کە لادان لەبەها ئەخلاقیەکان بۆ ئەوان زۆر قورسە، کەسی لادەر خۆی سزای خۆی دەدات، وەك (توشی کاتسۆمات سوکا) کردی.

ئەوەش کۆمەڵی ئێمەیە کە نە بە نوسینو نە بەرڕێیانو نە بەتورەیی خەڵك باکیان نیە.